# هەڵەبجە و قەڵادزێ

## دوو قوربانی دەستی داگیرکەرێک

تامق هەورامی

رۆژی ٢٤/٤/١٩٧٤ شاری قەڵادزێ کەوتە بەر درندانەترین هێرشی فڕۆکەکانی بەعس لە کاتێکدا ئەو شارە پێشوازی لە میوانانی شارەکانی تری کوردستان دەکرد و لە ئامێزیدا (زانکۆی سلێمانی) بەردەوامی بە رەوتی زانستییانەی خۆی دەدا و زۆرێک لە فەرمانگە گرنگەکانی ناوچەکانی کوردستان لەو سنوورەدا درێژەیان بە کارکردنی خۆیاندا.

دوو رۆژ پاش ئەو کارەساتە و لە ٢٦/٤/١٩٧٤دا بە هەمان شێوە هەڵەبجەش کەوتە بەر ئەو پەلامارە دڕندانەیە و لە ئاکامدا چەندین شەهید و بریندارى لێکەوتەوە.

ئەم دوو ناوچەیە قەڵایەکی بەهێزی شۆڕش بوون و زۆرێک لە خەڵکی تەواوی ناوچەکانی کوردستان روویان لەم ناوچانە کردبوو. ئەمە وێڕای کردنەوەی زانکۆ و پەیمانگاکان و چەندین فەرمانگەی گرنگ لەو شارانەدا.

ئەمڕۆ ٣٤ ساڵ پاش ئەو رووداوە کە دەکرێ بکرێتە پەندێک لە دەلاقەی بیرەکانەوە تەماشایەکی رابردوو بکەین و لە ئێستای ئازادیدا ئەزموونی ئەو سەردەمەی حوکمڕانی کورد و سەرکردایەتی سیاسی کورد لەو ناوچانەدا بکەینە هەوێنی حوکمڕانی ئەمڕۆمان ئەوی رۆژێ شارێک سەراپا چۆڵ بوو لە پاش کۆستێکی گەورەوە کەچی وەک ئەوانەی لە رووداوەکەدا بوون دەگێڕنەوە و دەڵێن: کە هاتینەوە جگە لە تەپ و تۆز هیچ کەس نەهاتبووە ماڵەکانمان.

ئێمە ئەمڕۆ کە بە پەیژەی ئەو ئازارانەدا سەرکەوتین، با ئەو رۆژانە و ئەو مرۆڤانە و ئەو شارانەمان لەبیر بێت کە ئەمڕۆیان دروست کرد.

لە گەشتێکی مەیدانیدا بۆ هەڵەبجەی شەهید زۆرێک خەڵک سکاڵای لە ژیانی خۆی دەکرد، زۆرێک چاریان لە پرشنگی داهاتوو بوو، زۆرێک لە کەلاوەکانی ١٩٧٤ بەدەردی کەلاوەکانی ١٩٨٨ هەر ماون.

مەرگ لە گشت لایەکەوە خۆی بەو شارەدا دەکات کەچی هێزی ژیان چۆک دانادات

# ناوی شەهیدانی ٢٦/٤/١٩٧٤- هەڵەبجە

١- ئازاد ئەحمەد کەریم کوردستانی - ٢٣ ساڵ
٢- ئازاد عەلی جرلەکە - ١٦ ساڵ
٣- ئاری عەلی ئیسماعیل - ٦ ساڵ
٤- ئایار عەلی ئیسماعیل -٧ ساڵ
٥- ئەحمەد شەریف مەحمود
٦- ئیبراهیم ئەمین جەوهەر - -٢٠ ساڵ
٧- ئەمین جەوهەر --٦٠ ساڵ
٨- ئەحمەد غەفور ساڵح
٩- بێستون هاشم کازم -١٥ ساڵ
١٠- بەختیار قادر مەحمود -٣ ساڵ
١١- بەناز خالید رەشید -٦ ساڵ
١٢- بەهار ئەحمەد عەبدوڵلا محەمەد
١٣- حەکیم قادر مەحمود -٦ ساڵ
١٤- حەمیدە محمد مەحمود
١٥- حکمەت ئەحمەد بارام -٢٩ ساڵ
١٦- حەمە رەشید عەبدولقادر
١٧- حەسەن حەمە رەشید
١٨- حەمە رەشید مەحمود والی
١٩- کاڵێ قادر مەحمود -١١ ساڵ
٢٠- کافیە مەحمود محەمەد (خێزانی حاجی فەتحوڵلا) --٥٠ ساڵ
٢١- محەمەد شەریف عەبدولخالق -٦٤ ساڵ
٢٢- مریەم مەحمود قادر -١٠ ساڵ
٢٣- مەحمود عەبدولڕەحمان ئەفەندی - -٥٠ ساڵ
٢٤- مستەفا سەید قادر
٢٥- محەمەد حەمە رەشید رەحیم
٢٦- محەمەد قادر محەمەد فەتاح

٢٧- مەلا مەحمود (دوکاندار) - ٥٥ ساڵ
٢٨- نەوزاد حەسەن قادر
٢٩- ناسکە قادر مەحمود -٦ ساڵ
٣٠- عەبدوللەتیف حەمە ساڵح حەمە رەزا
٣١- عەبدوڵلا محەمەد ئەمین مەعروف (عەبەی مەلا محەمەد)-٣٤ ساڵ
٣٢- عەبدولڕەحمان حاجی حەمە ساڵح
٣٣- عەبدوڵلا عەبدولکەریم -٤٥ ساڵ
٣٤- عەزیز محەمەد (عەزەی پەزە) --٤٠ ساڵ
٣٥- عەبدوڵلا حەمەفەرەج
٣٦- فوئاد محەمەد قادر
٣٧- قادر ناسراوە بە سەید قادری هاتە سوورە-٥٠ ساڵ
٣٨- شێرزاد حەسەن قادر-٢ ساڵ
٣٩- شیرین خالید رەشید ساڵح
٤٠- شێرکۆ عومەر مەخدور
٤١- شیرین حەمە عەلی رەشید-مەخدور
٤٢ بەتاز حەمە عەلی رەشید
٤٣- سنەوبەر ئەحمەد عەبدوڵلا
٤٤-فاطمە فتاح محەمەد بارلم
٤٥- مەحمود عەبدولڕەحمان قادر کەریم
٤٦- بورهان حسێن ئەحمەد-١٠ساڵ
٤٧- حیسە ئەحمەد فەتاح رەحمان
٤٨- قادر نادر محەمەد مستەفا
٤٩- ئەحمەد حسێن قادر
٥٠- عەلی محەمەد کاکل
٥١- نەناسراو-چونکە خەڵکی هەڵەبجە نەبوون لەو ئاوارانە بوون هاتوونە هەڵەبجە.

تێبینی/ ئەم ئامارە راستەوخۆ لە بنەماڵەی قوربانییەکان وەرم گرتوە بۆیە پێم وایە ئامارێکی دروستە

**نامق هەورامی**